# شاری پاشەکشێ و تۆرانی

حەمەسەعید حەسەن

سەنعان ئاغای کۆنەبەعسی، بەوەی زوو زوو هانا بۆ لەشکری تورک دەبات، هەڕەشە لە بەرژەوندی باڵای کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەکات، کەچی یەکێتی لەبری ئەوەی لەسەر ئەو تاوانە کە مەزنترین ناپاکییە، داوای لەسەر تۆمار بکات، تا بە سزای ڕەوای خۆی بگات، داڵدەی دەدات و زەمینە بۆ پتەوبونی بازووی خۆش دەکات.

ینک هەمیشە دوژمنانی (پدک)ی بە دۆستی خۆی زانیوە. ئەو تاکتیکە چەوتە کە پشت بە تێزی (دوژمنی دوژمنم دۆستمە،) دەبەستێت، هۆکارێکی گرنگی گەشەکردنی بەرەی تورکمان و هەموو ڕەوتە ئیسلامییەکانە. چەندان ساڵە کورد باجی ئەو هەڵە کوشندەیەی ینک دەدات کە جێی خۆشییە هەرگیز خودی (ینک)یش سوودی لەو تاکتیکە نەزۆکە نەدیوە.

کە تورکیا هەڕەشەی داگیرکردن لە کوردستانی ئازاد دەکات، یەکێتی نەک هەر لێ ناگەڕێ خەڵکی شاری سلێمانی دژی تورکیا برژێنە سەر شەقامەکان، بەڵکوو کە زەریای بەرینی خەڵکی هەولێر لە شەقامەکاندا شەپۆل دەدات، خۆی لێ نەبان دەکات. یەکێتی سەرقاڵی ئەوەیە، سلێمانی لە شاری ڕاپەڕین و بەرخودانەوە، لە شاری بەرەنگاری و تێکۆشانەوە، لە (شاری هەڵمەت و قوربانی)یەوە، بکاتە (شاری پاشەکشێ و تۆرانی). ئەو خەوەی ینک نایەتە دی و هاکا زەریای خەڵکی سلێمانیش وەک هەولێر، لە شەقامەکاندا شەپۆلی دا.

لە نێوان کاری دیپلۆماسی و ماستاو ساردکردنەوەدا، هەودایەک هەیە، زێدەڕۆیی کردن لە خۆشەویستی و دۆستایەتی نیشاندانداا، ماستاو ساردکردنەوەیە، نەک دیپلۆماسی. کە جەلال تاڵەبانی، سەددام ڕادەمووسێت، کە لە دوای مەلا عەلیی هەڵەبجەوە هەڵدەنوێژێت، کە لەبەردەم مادلین ئۆڵبرایتدا دەنووشتێتەوە، کە چەپکەگوڵ لەسەر گڵکۆی خومەینی دادەنێت، کە لە ئاستی جەنەڕاڵێکی تورکدا ڕۆڵی کلاون دەبینێت، کە دەم دەخاتە نێو دەمی کەرروبی، ئەوانە لە ڕەوتاری کەسێکی ماستاوچی دەچن، نەک دیپلۆمات. لایەنی بەرانبەر، دۆست بێت یان دوژمن، هەرگیز ڕێز لەو جۆرە کەسایەتییانەی خۆیان پێ بچووکە، ناگرێت.

ینک هەر کە هیچ پاساوێکی پێ نامێنێت، هانا بۆ ئەوە دەبات کە شەهیدی زۆرە. چونکە بەشێکی هەرە گرنگی شەهیدانی ینک، لە شەڕی نێوخۆدا گیانیان لە دەست داوە، بۆیە خوێنیان بە فیرۆ دراوە، کەواتە زۆر و زەبەندی ژمارەی شەهیدان، گوڵێک نییە بە بەرۆکی یەکێتییەوە، پەڵەیەکە بە هەنیەیەوە.

2003. 03. 04